# پاش ٩ ساڵ چاوەڕوانی حکومەتی هۆڵەندا دەیەوێ خێزانێکی کورد بەزۆر دیپۆرت بکاتەوە

(ڤیان رەئووف محەمەد) ژنێکی تەمەن ٣٣ ساڵەو لەدایك بووی شاری سلێمانییە. هاوسەرەکەشی ئالان عومەر ئەحمەد ٣٥ ساڵ هەر لەدایك بووی سلێمانییەو دوو منالیان هەیە. (راڤیار) ١٢ ساڵەو (رامیار) کەلەهۆڵەندا لەدایك بووە ٥ ساڵ. ڤیانو خێزانەکەی ٩ ساڵە هاتوونەتە هۆڵەنداو تا ئێستا مافی پەنابەرێتیان پێنەدراوە. حکومەتی هۆڵەندا خەریکە بەزرۆو بە پێچەوانەی ویستی خۆیانەوە ئەم خێزانە ناچار دەکات ئیمزایان پێبکات بۆ گێڕانەوەیان بۆ کوردستان.

بە شوێن بڕیاری وەزارەتی کۆچی هۆڵەندیدا لە زمانی(ڕیتا فێردۆنك) ەوە بۆ ناردنەوەی پەنابەرانی کورد و عێراقی، (ڤیان رەئووف) یەکەم کەس بوو لەلایەن پۆلیسی شاری (ئایند هۆڤن) ەوە کە لەکاتێکدا بۆ ئیمزای هەفتانە چووبوو داوای لێدەکرێ بەڵگەنامەیەك ئیمزا بکات بۆ ئەوەی گوایە بە پێی ویستی خۆی دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ئەویش ئامادە نابێت ئیمزای بکاتو بە توندی ناڕەزایی خۆی نیشان دەدات بەو هەنگاوەی پۆلیس. بۆیە پۆلیس بەشێوەیەکی نایاسایی ناشیرین ڤیان ڕاپێچی زیندان دەکەن بە مەبەستی ئەوەی ناچاری بکەن بۆ ئیمزاکردنی بڕیاری ناردنەوەی خۆیو خێزانەکەی. بەڵام راوەستاوی ڤیانو ئامادە نەبوونی بۆ گەڕاندنەوەی بە پێچەوانەی خواستی خۆیەوە، دوای بەسەر بردنی ٤ رۆژ لەزیندانی ئینفرادیدا پۆلیس ناچار دەبن ئازادی بکەن. ئێستا دەیانەوێ بە فێڵ بیبەنە باڵیۆزخانەی عێراقی بۆ ئەوەی پاسپۆرتی بۆ دروست بکەن بۆ ناردنەوەی. هاوسەرەکەشی (ئالان عومەر) نامەی داخستنی پەروەندەکەی بەدەست گەیشتووە. بەم شێوەیە ئەم خێزانە ئێستا لەبەردەم هەڕەشەیەکی فەوریو بە کردەوەی بەزۆر گێڕانەوەدان بۆ کوردستان.

ئەم هەنگاوەی پۆلیس بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری وەزارەتی کۆچ تا ئێرە بەراوەستاوی ڤیانو خێزانەکەی بەربەرچدراوەتەوە. بەڵام کۆتایی بەهەڕەشەی ناردنەوەی ئەم خێزانە نەهاتووە. ئەگەر بێتو پۆلیسو حکومەتی هۆڵەندا بتوانێ ئەم خێزانە بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق، مانای وایە دەرگایەك دەخاتە سەر پشت ئەم حکومەتە بۆ ناردنەوەی دەیان هەزار پەنابەری تر کە پاش چەندین ساڵ چاوەڕوانی ئیقامەیەکی کاتیان پێدرا یاخود تا ئێستاش لەچاوەڕوانیدان.





# دانیشتوانی دوکان داوای گۆڕینی قایمقام دەکەن

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٦/٢/١ ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی قەزای دوکان رێپێوانێکی هێمنانەیان رێکخستو بەرەو باڵاخانەی قایمقامیەتی شاری دوکان رۆیشتن. خەڵکەکە داوایان دەکرد کە قایمقامی قەزای دوکان، خاتوو مونیرە دەست لەکار بکێشێتەوەو ئەوەی لەدوای ئەویشەوە دیچت پەلە لەبەئەنجام گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بکات، چونکە زۆربەی پرۆژەکانی ئەم قەزایە بە نیوە چڵی ماونەتەوە، بەمەش گرفتی گەورە بۆ خەڵکی شارەکە دروست بووە بەتایبەتیش شەقامی سەرەکی قەزای دوکان ماوەی چەند ساڵێکە تێکچووە زۆر بە خاویش هەوڵی چاککردنەوەی دەدرێت. لەم رۆژانە لەبەر تێکچوونی تەواوی شەقامەکە هاتووچۆ بە زەحمەت کەوتووەو بازاڕی شارەکەش دووچاری کەمی کڕیار بۆتەوە.

## رۆژهەڵاتی کوردستان:

# سەدان ژن خۆیان کوشتووە

بە گوێرەی هەواڵی کۆمیتەی ژنانی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤیکوردستان لەماوەن چەند مانگی رابردوودا تەنیا لەئوستانی ئازەربایەجانی رۆژئاوا بەهۆی ناڕەزایەتی لەتووندو تیژیەکانی بنەماڵەییو کۆمەڵایەتی زیاتر لە ١٥٠ ژن خۆیان کوشتووە کە زۆربەیان بە ئاگربەردان لەجەستەی خۆیان کۆتاییان بەژیان هێناوە.

ئەوەی شیاوی باسە لەئوستانەکانیتری وەك کوردستان، ئیلام وکرمانشا ،چەندین ژنی دیکەش لەماوەی مانگەکانی رابردوودا دەستیان بۆخۆکوژی بردووەو کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە. کۆمیتەی ژنانی رێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦دا ناوی ئەو ١٥٠ ژنەی بڵاوکردۆتەوە کە لەمانگەکانی رابردوودا لەئوستانی ئازاربایەجانی رۆژئا خۆیان کوشتووە

## هەواڵی سەبر

* شێراوانو براکەی دانیشتووی گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوکنو لەخانوویەکی زۆر کۆندا دانیشتوون کە تاپۆکەی بەناوی باوکیانەوەیە. بەڵام ئەم خانووە لەساڵی هەشتاکاندا لەلایەن رژێمەوە (حجز) کراوەو دراوە بە ماڵێکی عەرەبو لەدائیرەی تاپۆ خراوەتە سەر ئەمان. لەدوای پرۆسە ئەمان گەڕانەوە ناو خانووەکە، ماڵە عەرەبەکەش لەخانوویەکی باشتر دانیشتوون هەر لەکەرکوك دوو جار شێروانیان بە زیندانی کردن داوە گوایە ئەمە خانووی ئەوانە، تا ئێستاش ئەو کێشە هەر بەردەوامەو پارێزگار بۆخۆشی ئاگادارە لەمەسەلەکە. بەخوا سەیرە ئەمە وەك ئەوە وایە پیاوێك سەیارەکی دزی بوو بە پارە سەنەوی بۆ دەرکرد بوو. کاتێ خاوەنی سەیارەکەی دۆزییەوە کێشەکەیان بردە بەردەم پۆلیس هەقیان ئەدا بەدزەکە، تا بەشێوەیەکی دیکە چارەسەر کرا.

*جنسیە عێراقی لەزەمانی جاران زۆر بەگرانی بۆ خەڵك دەرئەچوو، بۆیە هەموو کەس ئەو جنسیەیان دەرنا ئەهێنا بەتایبەت خەڵکی لادێو کەسوکاری پێشمەرگە، هۆیەکەشی ئەوەبووە رژێمی کۆن ئەگەر بچووکترین گومانی لەکەسێك هەبووایە دەیان ڕێگریان بۆ ئەوکەسە دروست ئەکرد بۆ ئەوەی خۆی بە عێراقی نەزانێ. ئێستا لەم زەمانەدا کە نەتەوەو گەلەکانی دنیا ئاواتیان جیابوونەوەو سەربەخۆییە، ئەگەر جنسیەعێراقیت نەبێ هیچ کاروبارێکت بۆناکرێ لەدامودەزگای فەرمانگەکان تەنانەت موچەی ئەو شەهیدانەی کە لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان شەهید بوون، ئەگەر وارسەکەی جنسیەعێراقیان نەبێ چاوی بەمووچە ناکەوێ. بڕوابکەن دەرچوونی جنسیەکەش لەجاران گرانتر بووە، ئەمە سەرەڕای گرانی هاتووچۆو ڕۆتینی ناو فەرمانگەکان.

*ولاتیەك دەیویست بیرێکی ئاو بە ئامێری پایل لەدەشتی هەولێر لێبدات بەڵام بەبیانۆی ئەوەی هەڵکەندنی بیر بە ئامێری پایل کە بە جیهازی سوری ناسراوە، قەدەغەیە، بە فەرمانی قایمقام یەکێك لەو کەسانەی کە چاودێری هەڵکەندنی بیرەکەی دەکرد زیندانی کراو بەڵێنی لێوەرگیرا کە نابێت بە ئامێری پایل بیر لێبدات. دوای ٣ رۆژ زیندانی ئەوسا ئازاد کرا. دوای چەند رۆژێك لەنزیك ئەو بیرە یەکێکی دیکە بە ئامێری پایل دەستی بە هەڵکەندنی بیر کرد کەسیش قسەی لەگەڵ نەکرد. ولاتیەکە بە تەلەفۆن ئاگاداری بەڕێوەبەری ناحیەی پەیوەندار کردو پێیگوت ئەگەر بیر هەڵکەندن بە ئامێری پایل قەدەغەیە فەرموو ڕێگا لە مەش بگرن، ئەگەر ئازادیشە با منیش بیرەکەی خۆم تەواو بکەم بەڵام قایمقام بڕیاری زیندانی کردنی ولاتیەکەی جارانی دەرکرد، تاوانی تەنیا ئەوەبوو کە بەتەلەفۆن هەواڵی هەڵکەندنی بیری دووەمی بە بەڕێوەبەری ناحیە راگەیاندبوو. ئەگەر خێرەو مەندێك نەبوایەو راستی هەواڵەکەی بە قایمقام رانەگەیاندبایە ولاتیە بێ تاوانەکە دووبارە دەگیرایەوە.

*مامۆستایەك ووتی: وەزیری وەزارەتەکەمان لەکۆبوونەوەیەکدا دوای ئەوەی باسی نەخۆشی خێزانەکەم بۆ کرد، کە چارەسەری لەهەرێم ناکرێو ئەوەشی دەستم ئەکەوێ زۆربەی لەڕێگای نەخۆشخانەکانی دەرەوەی هەرێم سەرفی ئەکەم بەڵێنی پێدام کە سەردانی خۆی بکەم لەوەزارەت تا یارمەتیم بدات، بەڵام داخەکەم سێ جار معامەلەکەم بردە وەزارەت کەچی هەر نەیانهێشت نزیك ژوورەکەشی بکەومەوە، ناچار معامەلەکەم ناردە ژوورەوەو عەرزو حاڵێکیشم لەگەڵیدا دانابوو، تیایدا ئاماژەم بە بەڵێنەکەی بەڕێزی کردبوو، بەڵام کە فایلەکەیان دایەوە دەستم لەسەری نووسرابوو کە بەپێی ڕێنمایی هاوکاری بکرێت. ئیتر منیش وازم هێنا چونکە زانیم لەم وەزارەتە خێر بە هەموو کەس ناکرێو با ئەو مەسرەفەی لەو ڕێگایە ئەیکەم بیدەم بە دەرزییەك باشترە... ماڵی یەکێتی مامۆستایان ئاوابێت بڕی (٥٠) دۆلار پارەیان بۆ ناردم.

## دانیشتوانی دەڤەری را پەڕین دەیانەوێ رانیە بە پارێزگا بکرێ

لەساڵانی رابردوو دەسەڵاتداران لەزۆر بۆنەدا بەڵێنیان دەدا کە شاری رانیە بکرێ بە پارێزگا تەنانەت ئیدارەی هەولێر چەند ساڵ لەمەوبەر بڕیارێکی لەم شێوەیەی دابوو کەچی تاوەکو ئێستا هیچ هەنگاوێکی کردەیی هەڵنەگیراوەتەوە. دوای راگەیاندنی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەو پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتوو داخوازی بەپارێگا کردنی شاری رانیە لەنێو دانیشتوانی دەڤەری راپەڕین (بتوێن پشدەر) بەرزبۆتەوەو چاوەڕوانی ئەوەن کە دەستەڵاتداران بەڵێنەکەی خۆیان جێبەجێ بکەنو رانیە بکرێ بە پارێزگا.

## موسڵ:

# میت دنەی تورکمانەکان دەدات

بەگوێرەی هەواڵ ئەندامانی تۆڕی جاسوسی میت چالاکیەکانی خۆیان لەنێو گەنجانی شاری موسڵ زیاد کردووە. میت بۆ ئەوەی گەنجان بەلای خۆیانەوە رابکێشن دەعوەتنامە بۆ لاوان دەنێرنو لەسەر مەسرەفی خۆیانەوە رەوانەی تورکیایان دەکەنو گەشتی تایبەتیان بۆ ئەنجام دەدەن. بەڵێن بە لاوانی کوردوعەرەب دەدەن ئەگەر ئامادەبن زمانی تورکی فێر ببنو دوایش رەگەزنامەی خۆیان بۆ تورکمانی بگۆڕن ئەوە هاوکاری باشیان دەکەنو لەسەر ئەرکی خۆیانەوە نەخۆشەکانیان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی تورکیا دەکەنو چارەسەریان دەکەن. هەروەها لەداهاتووشدا کاری تایبەتیان پێدەدەن.

# ئاسایشی دهۆك بارەگای پارتی چارەسەر دادەخات

ئاسایشی پارێزگای دهۆك بەفەرمی داوا ی لەپارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان کردبوو کە بارەگای دهۆك دابخات، دوایین مۆڵەتیش رۆژی ١ـ٢ـ٢٠٠٦ دیاری کرابوو بەڵام پارتی ناوبراو داوای ئاسایشی بەنایاسایی داناو ئامادە نەبوو بارەگاکە دابخات. کاتژمێر ١٤ی رۆژی ١ـ٢ مەفرەزەیەکی ئاسایش کە بڕیاری دادوەریان پێبوو دەچنە سەر بارەگاکەو ئەو شەش ئەندامە بێ چەکەی پارتی چارەسەر دەکەنە دەرەوەو دەرگەی بارەگاکەش دادەخەن. ئەوەی شیاوی باسە پارتی چارەسەر دەڵێ ساڵێك زیاترە بە فەرمی داوای مۆڵەتی کارکردنمان پێشکەش بە وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی هەرێم کردووە بەڵام تا ئەمڕۆ هەردوو ئیدارەکە وەڵامیان نەداوینەتەوە، بە گوێرەی یاسای حزبەکان کە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە، هەر لایەنێکی سیاسی ئەگەر داوای مۆڵەتی کردوو تا سێ مانگ وەڵام نەدرایەوە واتای ئەوەیە کە ئەو حزبە دەتوانێ بە ئاشکرا کارو چالاکیەکانی خۆی بەڕێوەببا. پاساوی ئاسایشی دهۆکیش بۆ داخستنی بارەگای پارتی چارەسەر ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم مۆڵەتی کارکردنی بە پارتی ناوبراو نەداوە.

# هەواڵ

## قاچاغچێتی لە پەرەسەندن دایە

بە گوێرەی هەواڵ مامۆستاو قوتابیانی هەردوو گوندی زێوکەو زەڵێ دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە هاوکاری ئەو قاچاغچیانە دەکەن کە فافۆنو کەلوپەلی دیکە بۆ دیوی ئێران دەگوازنەوە. ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر خەڵکی ناوچەکە جێهشتووەو ناڕەزایی پێشان دەدەنو دەخوازن کە مامۆستاکان لەپەروەردە کردنی مندلان رۆڵی ئەرێنی ببینن چونکە بەم شێوازە بازاڕی قاچاغچێتی کردن گەرم دەبێتو خوێندکاران لەخوێندنو قوتابخانە دوور دەکەونەوە.

## ئیسلامیەکان هەڕەشە لەنووسەرێك دەکەن

بەگوێرەی هەواڵ بڕیار وابوو لەمانگی رابردوو مەریوان هەڵەبجەیی نووسەری کتێبی سێکسو شەرع ژن لەمێژووی ئیسلامدا کۆڕێك بۆ لاوانی شاری رانیە ئەنجام بدات بەڵام لەرێگەی تەلەفۆنەوە هەڕەشە لەو کەسانە کراوە کە بەنیازبوونە کۆڕکە بگێڕن بۆیە کۆڕکە هەڵوەشێندرایەوە.

## مادە بێهۆشکەرەکان هەڕەشە لەخوێندکاران دەکات

ماویەکە بازرگانە بێویژدانەکان بەمەبەستی برەودان بە بازاڕی مادە بێپهۆشەکەرەکان لەنێو گەنجو لاوانی کوردستاندا نرخی مادە بێهۆشکەرەکانیان بۆ خوێندکاران هەرزان کردووە ئەمەش وایکردووە کە خوێندکارانی ناوەندیو ئامادەییەکانی دەڤەری راپەڕین بە ئاسانی دەستیان بە مادە بێهۆشکەرەکان بگات.

بەگوێرەی هەواڵ لەمانگەکانی رابردوو چەندین خوێندکار لەنێو قوتابخانەکاندا دەستگیرکراون کە تلیاكو سیکۆتینو حەبیان پێبووەو ویستوویانە بە خوێندکارانیان بفرۆشن.

## پیرمام: کڕینو فرۆشتنی خانوو سەخت بووە

بە گوێرەی هەواڵ بەبێ رەزامەندی مەکتەبی کۆمەڵایەتی، کرێنو فرۆشتنی خانوو یاخوود بینا دروستکردن لەپیرمام بەڕێوەناچێ. گرفتو ئاستەنگی زۆر بۆ ئەوکەسانەش دروست دەکرێت کە بەبێ رەزامەندی مەکتەبی کۆمەڵایەتی خانووەکانیان دەفرۆشن یاخوود خانوو دەکڕن. بەمەش ناڕەزایی لەنێو خەڵکەکە سەری هەڵداوە.

## قەڵادزێ: ئافرەتێك دەکوژرێت

رۆژی ٢٠٠٦/١/٣١ ئافرەتێك لەگەڕەکی مام قاسم لەشاری قەڵادزێ دەکوژرێت. تا ئێستا بکوژەکان نەناسراون بەڵام پێشتر لەلایەن کەسوکاریەوە بەتۆمەتی بەدڕەوشتی هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو. بۆیە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە پۆلیس ژمارەیك لەخزمە نزیکەکانی کوژراوەکە دەستگیر کردووەو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکات.

## نانەواخانەیەك دەسووتێ

رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٩ نانەواخانەیەکی گەڕەکی کێوەرەش لەرانیە ئاگر دەگرێت، لەنێو نانەواخەنەکەدا دوو کەس بەسەختی بریندار دەبن لەبەر سەختی برینەکانیان رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن، بە گوێرەی سەرچاوەکان گیانی دوو بریندارەکە لەمەترسیدایە.

## سەرکە پکان: دانیشتوانی گوندەکە نیگەرانن

دوای ئەوەی دوو هاولاتی ئەو گوندە بەنەخۆشی ئەنفلەونزای باڵندە گیانیان لەدەستدا، ترسو خەمێکی گەروە باڵی بەسەر گوندەکە داکێشا چونکە لایەنی تەندروستی رێنوێنیان بەخەڵکی ناوچەکە داوە کە تێەڵاوی دانیشتوانی گوندی سەرکەپکان نەکەن. رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٩ لەپرسەی ولاتی (حەمە سوور سەرکەپکانی) کە لەمزگەوتی سەرکەپکان بەڕێوەچوو، بەرێز مامۆستا مەلا قادر گللەییو رەخنەی زۆری پێشانداو.

بڵاوبونەوەی نەخۆشی ئەنفلەونزاشی بە سیناریۆیەکی دەرەکی دژ بە خەڵکی سەرکەپکان لێکدایەوە، بەتووندی ناڕەزایی خۆی دەربڕی لەمەڕ ئەو رێنوێنیەی کە دراوەو تێیدا هاتووە خەڵك تێکەڵاوی دانیشتوانی گوندی سەرکەپکان نەکەنو تەوقەیان لەگەڵدا نەکن.

## تەرمی ژنێكو منداڵێك دۆزرانەوە

بە گوێرەی هەواڵ رۆژی ٢٠٠٦/١/٢٨ تەرمی ژنێكو منداڵێکی ٩ ساڵانە لەنزیك گوندی دارشمانەی سەربەقەزای قەلادزێ دۆزراونەتەوە، لەبەر نەبوونی ناسنامە نەناسراونەتەوە. بەگوێرەی قسەی ئەوانەی تەرمەکانیان بینیوە گومانی ئەوەیان لێدەکەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بن.

## هەولێر: ٦٥٠ پارچە زەوی لەهاولاتیان وەردەگیرێتەوە

بە گوێرەی هەواڵ کاتی خۆی ئیدارەی هەولێر ٦٥٠ پارچە زەوی بەسەر بنەماڵەی شەهیدانو مامۆستایان لەسەر رێگای موسل ـ هەولێر دابەشکردبوو بەڵام ئێستا ئیجازەی بیناکردنیان پێنادرێتو داوایان لێدەکرێت کە خۆبەخشانە ئەو زەویانە بۆ شارەوانی بگێڕنەوە چونکە گوایە لەم شوێنەدا بینا بۆ قونسلگەری ولاتان دروست دەکرێت. ئەوەی رازی بێت قەرەبوو دەکرێەوە ئەوەی سەرپێچیش بکات لێیوەردەگیرێتەوەو هیچی پێنادرێ.

## ئافرەتێك خۆی دەسووتێنێ

لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ئافرەتێکی تەمەن ٢٩ ساڵەی دانیشتووی شاری رانیە لەبەر کێشەی بنەماڵەیی نەوت بە سەر خۆی دادەکاتو ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات. نزیکەکانی ئەم ژنە هۆکاری خۆ سووتاندنەکە دەگێڕنەوە بۆ هەڕەشەکانی مێردەکەی کە بەردەوام هەڕەشەی تەڵاقدانو ژن بەسەرهێنانی لێکردووە. دوای ئەم رووداوە پۆلیس مێردی ژنە سووتاوەکەی گرتووەو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکات.